نامەیەک

ئا: سەرنووسەر


شیعرێک و نامەیەک لە (شێخ نووریی شێخ سالّح)ـەوە، بۆ حوسێن حوزنی موکریانی (١)

* شێخ نووریی شێخ سالّح، لە ١٩٢٦/١٠/٢٥، شیعرێکی بۆ گۆڤاری (زاری کرمانجی)ی نووسیوە (٢)، ئەم شیعرەی بە نامەیەکەوە بۆ حوسێن حوزنی موکریانی پەوانە کردووە (٣). وەک دیارە ئەم پۆژنامەنووسە پێشەنگە، لە سالّی ١٩١٥ بە پارەی مۆر هەلّکەندن و خۆشنووسی و وێنەگرتنی (فۆتۆگراف)، چاپخانەیەکی بۆ خزمەتی زمانی کوردی لە ئەلّمانیا کڕی و لە شاری حەلّەب دایمەزراند، پاشان لە سالّی ١٩٢٥وە هێنایە کوردستان و لە پواندز داینا ناوی لێ نا (چاپخانەی زاری کرمانجی) (٤). لە سالّی ١٩٢٦، لە پواندز بە پەزامەندی وەرگرتن لە میری، گۆڤاری زاری کرمانجی پێ دەرکرد، کە گۆڤارێکی کۆمەلّایەتی، سیاسی و ئەدەبییە و مانگانە دەرچووە، بەلّام لەبەر دەستکورتی و کەم دەرامەتی، دوای شەش سالّ (١٩٢٦ – ١٩٣٢)، تەنیا (٢٤) ژمارە لە گۆڤارەکە دەرچوو، ئیدی ژمارەی دیکەی لێ دەرنەچووە. لە پاش وەستانی گۆڤارەکە، بڕیاری دا چاپخانەکە بگوێزێتەوە شاری هەولێر، دواتر ناوی (کوردستان)ی لێ دەنرێ، کە مامۆستا گیوی موکریانی سەرپەرشتیی بەڕێوەچوونی کاروباری چاپخانەکەی گرتە ئەستۆی و سەردەمانێک گۆڤاری (هەتاو)ی پێ دەرکرد، کە ١٨٨ ژمارەی لێ دەرچووە.

* ئەم شیعرەی شێخ نووریی شێخ سالّح، بە ناتەواوی لە گۆڤارەکەدا، لە ژمارە (٦)ی سالّی (١)، (١٧)ی پەبیع ئەلثانی (١٣٤٥) – ١٩٢٧دا بلّاوکراوەتەوە کە دێڕی (پێنجەم) و (حەوتەمی) لێ قرتێنراوە. من کاتی خۆی دەستنووسە ئەسڵەکەی شیعرەکە و هەندێ دەستنووسی دیکەم، لەناو دەستنووسەکانی م. گیوی موکریانی دۆزییەوە، بلّاوکردنەوەی شیعرەکە کەوتە لاپەڕە ٥٢٨ی دیوانی شێخ نووریی شێخ سالّح، تەواوی شیعرەکە و ئەو نامەیەشم لەوێ بلّاوکردەوە کە بۆ حوسێن حوزنی موکریانی و گۆڤارەکەی ناردبوو، وا لێرەدا دەقی شیعر و نامەکە بلّاودەکەمەوە.

{بۆ خزمەت مودیری ئیدارە و پەئیس تەحریری (زاری کرمانجی): جەریدەی (٥) موحتەرەمەی (زاری کرمانجی) کە لە (پواندز) ئینتیشار ئەکات (٦)، وەکوو پۆژێکی زیابەخش، فیوضی عیلم و

عیرفانی بە ساحەی کوردستان بڵاو کردۆتەوە. ڕووناکی ئیستیقبالی (أظهر من الشمس)ی نیشان بە ئەولادەکانی کورد داوە. ئەم ڕۆژە، تا ئێستاکە عالەمی کوردی لە زیای جیهانگیری (٧) مەحرووم بوو، بە ڕەش گیرابوو، جەهل بوو داپۆشیبوو، مەعلوومە کە بە هەزار تەقە و لە ساجی سنگ و جامی سەر دان، بەربووە (٨)، دنیای ڕووناک کردۆتەوە، کەوابێ لازمە قەدری بزانرێ و لە ڕووناکییەکەی ئیستیفادە و تەمەننا و دوعای دەوام و نەگیرانی بکرێ (٩)، زۆر موتەئەسیفم کە تا ئێستە ئەم دایکە موشفیقە، ناسحە، زادەیەکی ئەفکاری ناچیزانەمی نەگرتۆتە سەحیفەی باوەش و دەستێکی بە سەرووپۆڵاکیدا نەهێناوە، کە لە ڕووی نوازشی (لاواندنەوە)ی ئەوەوە، وردە وردە بالا بکات و ڕووی دانیشتنی مەجلیسێکی ئەدەبی ببێ (١٠). بینائەن عەلەیهی، هەر بەم فیکرە، ئەم دیاریە بێ قیمەتەم تەقدیم کرد، ڕجای قبووڵکردنی ئەکەم}. لێرەدا نامەکەی شێخ نووریی شێخ سالح تەواو بوو، ئێستا نۆرەی ئەوەیە دەقی ئەسڵیی شیعرەکە کە بە دەسخەتی شاعیر نووسراوە، وەک خۆی بڵاو بکەینەوە.



ژمارە — ٦ ژار — کرمانجی ١٢

ولام ژار کرمانجی

بو خدمت مدری ادارە ورئیس تحریر [ژار کرمانجی]

جریدەی محترمۀ ژاری کرمانجی کە لە [رواندز] انتشار اکات . وکو روژیکی با بخشی فیوضی علم وعرفانی بە ساحەی کوردستاندا بلاو کردوتەوە ، روناکی استقبالی [اظهرمن‌شمس] ی نشان بە اولادانی کورد داوە .

ام روژە تا ایستا کە عالم کورد لە شبای جهانگیری محروم بو ، بە ڕەش گیرا بو . جهل بو دای پوشیبو .

معلومە کە بە هزار تقە ولەساجی سنگی وجامی سردان پیو و دنیای روناک کردوتەوە کە وا ی لازمە قدری ژاری و لە روناکیکی استفادە وئنا ودعای دوام و نگیرانی بکری . ژوو متأثرم کە تایستە ام دایکە مشفقە ناسحە زادەیکی افکار ناچیزانەمی نگرتوتە صحیفەی باوش و دستیکی بە سرووپوتەلاکیدا نەهیناوە کە لە روی نوازش [لاواندنەوە] ادە وردە وردە بالا بکات و روی دانیشتی مجلسیکی ادبی بی .

بنا علیه هم بم‌تکرە ام دیاریە بی قیمتەم تقدیم کرد رجای قبول کردنی اکم .

بو — ﴿ ژار کرمانجی ﴾

سبا ام دارەم بو خاکپای ژاری کرمانجە لە نوری تا لەوری تحفە بو خدمت سلیمانە

[رواندز] بختیارە قابە فخری ولاتی بی کە چونکە مرکزی کشتی فیوضی علم و عرفانە

جریدۂ ژاری کرمانجی رفیق [ژیان] ی یومئ کسی زادی نەبی بی‌زارە ایشی ژار و کڕانە

لە دستی خوێندەواران اگرچە امرو بی قدری سبەینی هم ستویک و ست خوان عرانە

وکو مرأت ذی ادراکی بو ماضی واستقبال مسائی جلاکات کنزی لایفنای عرفانە

بەهێز وفوق خوت بانگ ادەی بونوژی‌صبحینی چریکەی تویە وا گویم‌لێیە دی لەوشاخ‌وداخانە

الی ایز شەوی غفلت ئیا روژی سعادت هات کە عصریکە هو آیکی دوس ذل و خسرانە

سلیمانی ٢٠ نوری

ژارکرمانجی — خوی بەخنور دیوانی کە نور و تیکەیشتوان بە نوری عرفان و هنادی زانستی بیروان لە دنیی مروانی و خوشەویستی زادی خوانەوە لایرانی ام کوفارە کوردیە بە سرکوت تصانع آمیز وادبی یو هوشیاری ملت بلاوبستەوە

هیچە منتکری گەورە جیگایان بلند هنان ملتیانین سایەیان لە سرمان گم نەبیت هم بژین بو ملت و وطن .

بۆ زاری کرمانجی

سەبا؟ ئەم دیارییەم بۆ خاکپای (زاری کرمانجە)

لە نووری نا، لە مۆری توحفە، بۆ خزمەت سلێمانە

(ڕواندز) بەختیارە، قابیلە فەخری ولاتێ بێ

کە چونکە مەرکەزی نەشری فیوضی عیلم و عیرفانە

جەریدەی (زاری کرمانجی) ڕەفیقی (ژیان)ـە (١١) بۆ میللەت

کەسێ زاری (١٢) نەبێ، بێ زارە، ئیشی زار و گریانە

لە دەستی خوێندەوارانا (١٣) ئەگەرچی ئەمڕۆ بێ قەدری

سبەینێ هەر ستوونێکت وەسییەت خوانی عومرانە

بە ئەنگوستی تەجەسسووس، ڕووپەڕەی زەردەهڵگەڕاوی تۆ

ئەپشکنرێ کە چونکە مەرکەزی ئەسراری کوردانە (١٤)

وەکوو میرئاتی ذی ئیدراکی بۆ مازی و ئیستیقبال

مەعانیی جوملەکانت کەنزی لایوفنای عیرفانە

ئەمیندارێ خەفایای حەیاتی حازرەی ئەمڕۆی

سبەینێ یەک بە یەک ئەیدەیتەوە بەو نەوجوانانە

بەهێز و قووەتی خۆت بانگ ئەدەی بۆ نوێژی سبحەینێ

چریکەی تۆیە وا گوێم لێیە دێ، لەو شاخ و داخانە

ئەڵێ ئیتر شەوی غەفڵەت نەما، ڕۆژی سەعادەت هات

کە عومرێکە (١٥) هەموو ئانێکی، دەرسی زلل و خوسرانە

پەراوێزەکان:

(١) دۆزینەوە و ساغکردنەوە و پەراوێزنووسین بۆ نامەی پێشەنگەکانی شیعر و نووسین و ئەدەبیاتی کوردی، پۆژ لە دوای پۆژ پتر بایەخ و گرنگییەکەی بۆ هەموو لایەک بەدەردەکەوێ، بۆیە چەندی دەستنووسە کۆنەکانی ناو حوجرەکان گرنگن بپارێزرێن و ساغ بکرێنەوە و پوونکردنەوە و پەراوێزیان بۆ بنووسرێ، هێشتا کەمە، چونکە زۆر لەو دەستنووسانە کە لەوانەیە بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی نووسرابن، بەڵام لەلایەن مەلای کورد و زانایانی ئایینی، حاشیە و پەراوێز و پوونکردنەوەی گرنگیان لەسەر داوێن و تەنیشتەکانی ئەولا و ئەولای دەستنووسەکان نووسیوە، هەر بەهەمان شێوەش لە دووتوێی نامەی ئەو نووسەر و شاعیرە گەورانەدا، زانیاری و مێژووی نەزانراو و بیروڕای کەسیی ئەوان دەبینرێ، کە لەوانەیە لەهەر نامەیەکدا گۆشەیەکی تاریک و فەرامۆشکراوی کەسایەتییەک، سووچ و قوژبنێکی نەزانراوی مێژووی نەتەوەکەمان، یان مێژووی شیعر و ئەدەبیاتی میللەتەکەمان بۆ پوونا‌ک بکاتەوە، لەبەر هەندێیە لەوتەی خەریکی خوێندنەوە و نووسینم، لەو پووەوە درێغیم نەکردووە، هەرچییەکم لە نامە و بەڵگەنامە و دەستنووس و وێنەی فۆتۆگراف دەست کەوتبێ، بە شەوق و تامەزرۆییەوە بەرەو پیریان چووم، یان لێم وەرگرتوون و دانەیەکم لەبەریان گرتووەتەوە، یان کەسەکانم هان داوە، ئەو نامە و دەستنووس و وێنانە بە باشی بپارێزن و نەفەوتێنن.

(٢) شێخ نووریی شێخ سالّح، کە شاعیرێکی پچەشکێن و نوێخواز و پووناکبیرە، وەک (منەوەر)ێکی ئەو سەردەمە، هەستی بە گرنگی دەرکردنی گۆڤارێکی وەک (زاری کرمانجی) کردووە کە شانبەشانی پۆژنامەی (ژیان) لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵی کوردەواریدا دەورێکی گەورە و بالّا دەگێڕێ، بۆیە بە شیعرێک هەستی خۆی بەرانبەر بە گرنگیی دەوری ئەو گۆڤارە، لە بە ئاگاهێنانی کورد و خزمەتکردن بە زمانی کوردی دەبڕیوە.

(٣) شێخ نووریی شێخ سالّح، بەبۆنەی دەرچوونی گۆڤاری (زاری کرمانجی)یەوە، لە پالّ ناردنی ئەو شیعرەی، نامەیەکیشی بۆ مودیری ئیدارە و سەرنووسەر (پەئیس تەحریرەکەی)، حوسێن حوزنی موکریانی ناردووە، داواشی لە خوێندەواران کردووە قەدری ئەو گۆڤارە بزانن، ئەو بە پۆژێکی زیابەخشی شوبهاندووە کە بە (ساحة- خاکی) کوردستاندا بلّاو کردۆتەوە و پووناکی ئیستیقبالی (أظهر من الشمس)ی نیشان بە ئەولادەکانی کورد داوە، داوای کردووە لە پووناکییەکەی (ئیستیفادە و تەمەننا و دوعای دەوام و نەگیرانی بکرێ)، ئەم داواکردنی قەدرزانین و سوود لێ وەرگرتن و دوعای بەردەوام بوون و نەوەستانەی، لە سەرینی ئەوەوە دێ کە خۆی پێشتر وەک شایەدحاڵ، وەستانی چەندان گۆڤار و پۆژنامەی دیوە، کە چۆن دەرچوون و دواتر لەپڕ، لە دەرچوون وەستان، لەوانە پۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال) و (پۆژی کوردستان) کە زمانحاڵی شێخ مەحمودی حەفید بووە، خۆشی سەرنووسەری پۆژنامەکە بووە، هەروەها داخستن و پاگیرانی پۆژنامەی (بانگی کوردستان) کە لەوێش بە هاوبەشی لەگەڵ عەلی کەمال ئاغا سەرنووسەر بووە.

(٤) بێجگە لەوەی حوزنی بە پارەی مۆرەهڵکەندن و خەتخۆشی و وێنەگرتنی فۆتۆگرافی کۆکردەوە، بە نیەتی کرینی چاپخانەیەک، وەک محەمەد مستەفا حەمەبۆر-یش لە گفتوگۆیەکەم لە بارەی حوسێن حوزنی موکریانی، باسی ئەوەی بۆ کردووە حوزنی

خۆی بۆی گێڕاوەتەوە کە لە ئەڵمانیا بەشداری لە گرەوی گەورەکردنی وێنەیەکدا کردووە، لەو کارەشیدا سوودی لە پارەی خەڵاتەکەی وەرگرتووە، ئەوجا توانیویەتی چاپخانەیەک لەوێ بکرێ، چونکە پارەی کڕینی چاپخانەیەک، بەو ئیشە بچووکانە کۆناکرێتەوە.

(٥) نووسیویەتی: (جەریدەی موحتەرەمەی (زاری کرمانجی)، لە کاتێکدا (زاری کرمانجی) گۆڤارە، نەک ڕۆژنامە بێ.

(٦) نووسیویەتی: (کە لە ڕواندز ئینتیشار ئەکات، وەکوو ڕۆژێکی زیابەخش، فیوضی عیلم و عیرفانی بە ساحەی کوردستان بڵاوکردۆتەوە)، لە ناو شیعرەکەشیدا بەو شێوەیە باسی (ڕواندز)ی کردووە {(ڕواندز) بەختیارە، قابیلە فەخری وڵاتێ بێ، کە چونکە مەرکەزی نەشری فیوضی عیلم و عیرفانە}.

(٧) دەڵێ: (زۆر موتەئەسیفم کە تا ئێستا ئەم دایکە موشفیقە، ناسحە، زادەیەکی ئەفکاری ناچیزانەمی (بێ بایەخ، کەم ئەرزش، کەم نرخ) نەگرتۆتە سەحیفەی باوەش و دەستێکی بە سەروپۆتەڵاکیدا نەهێناوە)، جێی سەرنجە شێخ نووریی شێخ سالّح، وەک ڕووناکبیر و نووسەر و شاعیرێکی گەورە، هەستی بە کەموکووڕییەک کردووە کە تا ئەو کاتە هیچ نووسین و شیعرێکی لەو گۆڤارە گرنگەدا بڵاو نەکردووەتەوە، بەو سادەیی و خاکەڕاییەش باسی خۆی و شیعرەکەی دەکات کە لە بنەڕەتەوە بۆ بۆنەی دەرچوونی گۆڤارەکە نووسیویەتی.

(٨) سالّی ١٩٢٦ وشەی جیهانگیری لە جیاتی دنیا -عالەم بەکارهێناوە، کە زۆر جوان و سەرنجڕاکێش و لە جێی خۆیەتی.

(٩) نووسیویەتی: {ڕووناکی ئیستیقبالی (أظهر من الشمس)ی نیشانی ئەولادەکانی کورد داوە. ئەم ڕۆژە، تا ئێستاکە عالەمی کوردی لە زیای جیهانگیری مەحروم بوو، بەڕەش گیرا بوو، جەهل بوو داپۆشیبوو، مەعلوومە کە بە هەزار تەقە و لە سەنگ و جامی سەر دان بەربووە)، وێنەیەکی جوانی لەنێوان مەحرووم کورد لەم ڕۆژ گیرانە (بە ڕەش گیرابوو)، لەگەڵ (بە هەزار تەقە و لە ساجی سنگ و جامی سەر دان) دروست کردووە.

(١٠) پاش ئەوەی شیعرەکەی ناردووە، دەڵێ: (وردە وردە باڵا بکات و ڕووی دانیشتنی مەجلیسێکی ئەدەبی ببێ)، کە مەبەستی شیعرەکەیەتی، یان دەنووسێ: (بینائەن عەلەیهی، هەر بەم فیکرە، ئەم دیارییە بێ قیمەتەم تەقدیم کرد، ڕجای قەبووڵکردنی ئەکەم)، ئەم وشانە کە چۆڕ چۆڕ خاکەڕایی و خاکێتی ئەم شاعیرە پیشان دەدا، ئەمەک و وەفاداری نیشاندانە بۆ گۆڤارێکی نوێی کوردی و سەرنووسەرەکەی، تەنیا لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی گۆڤارەکەوە خزمەتی زمان و نەتەوەکەی پێ دەکرێ.

(١١) زاری کرمانجی، گۆڤارە، ڕۆژنامە (جەریدە) نییە.

(١٢) ئاماژەیە بۆ ڕۆژنامەی ژیان کە لە سلێمانی دەردەچوو، سەرەتا حوسێن نازم، دواتر پیرەمێرد سەروکاری دەرچوونیان کردووە.

(١٣) زار، بە مانای زمان — لغة هاتووە.

(١٤) لە دەستنووسەکەی شاعیردا (خوندەوار) نووسرابوو، لە ڕۆژنامەکەدا کرابووە (خوێندەوارانا) کە گۆکردن و نووسینی ئەو وشەیە بەم جۆرە، زۆرتر لە وراتی کۆیە بەکاردێ.

(١٥) لە گۆڤارەکەدا (کە عەسرێکە) نووسرابوو.

و لە ساجی سنگ و جامی سەر دان بەربووە، دنیای ڕووناک کردۆتەوە}، جاران کە ڕۆژ دەگیرا، لەبنی مەنجەڵ و تەنەکەیان دەدا، لای شێخ نووری ڕۆژگیرانەکە، مەحرووم بوونە لە جیهانگیری کە (بە ڕەش گیراوە)، ئەو ڕەشییە (جەهل بووە داپۆشیوە)، ئەوجا دەڵێ کە بە هەزار تەقە و لە ساجی سنگ و جامی سەر دان بەربووە)، وێنەیەکی جوانی لەنێوان مەحرووم کورد لەم ڕۆژ گیرانە (بە ڕەش گیرابوو)، لەگەڵ (بە هەزار تەقە و لە ساجی سنگ و جامی سەر دان) دروست کردووە.

(١٠) پاش ئەوەی شیعرەکەی ناردووە، دەڵێ: (وردە وردە باڵا بکات و ڕووی دانیشتنی مەجلیسێکی ئەدەبی ببێ)، کە مەبەستی شیعرەکەیەتی، یان دەنووسێ: (بینائەن عەلەیهی، هەر بەم فیکرە، ئەم دیارییە بێ قیمەتەم تەقدیم کرد، ڕجای قەبووڵکردنی ئەکەم)، ئەم وشانە کە چۆڕ چۆڕ خاکەڕایی و خاکێتی ئەم شاعیرە پیشان دەدا، ئەمەک و وەفاداری نیشاندانە بۆ گۆڤارێکی نوێی کوردی و سەرنووسەرەکەی، تەنیا لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی گۆڤارەکەوە خزمەتی زمان و نەتەوەکەی پێ دەکرێ.

(١١) زاری کرمانجی، گۆڤارە، ڕۆژنامە (جەریدە) نییە.

(١٢) ئاماژەیە بۆ ڕۆژنامەی ژیان کە لە سلێمانی دەردەچوو، سەرەتا حوسێن نازم، دواتر پیرەمێرد سەروکاری دەرچوونیان کردووە.

(١٣) زار، بە مانای زمان — لغة هاتووە.

(١٤) لە دەستنووسەکەی شاعیردا (خوندەوار) نووسرابوو، لە ڕۆژنامەکەدا کرابووە (خوێندەوارانا) کە گۆکردن و نووسینی ئەو وشەیە بەم جۆرە، زۆرتر لە وراتی کۆیە بەکاردێ.

(١٥) لە گۆڤارەکەدا (کە عەسرێکە) نووسرابوو.